# گوێ و چاوو شتی تریش

## ئامادەکردنی:محەمەدفەریق حەسەن

گوێ:

بۆ سەرخێڵێکی عارەب(گوێ لە مستە). لەحەنای داواکارییەکی گچکەی هاوولاتییەکی کورددا (گوێی گرانە). لەبۆ چاوشینە بیانییەکان(گوێڕایەڵە). سەبارەت زانست و مەعریفەت(گوێدرێژە). لە گلەیی و ڕەخنە(گوێ دەخەفێنێ). بۆ سووسەی هەموو هەواڵێکی بازرگانیی (گوێی سووکە). لە ئاست قسەی هەقیشدا(گوێی مسی تێکراوە).

چاو:

لەحەنای هەژاردا (چاوی سوورە). لەئاستی پایەدار و پارەداردا (چاو بەرەوژێرە). بەرامبەر داگیرکەر(چاو شۆڕە). لەگەڵ ژناندا (چاو باشقاڵە). لەئاستی جاش و فایلڕەشدا (نابینایە). هەر ڕەخنەیەکی لێبگیرێ ئەو بە دووانی دەبینێ (خێلە). بۆ ئەرزەی ڕوکن(چاو ورد دەکاتەوە). لەهەڵەی سەروو خۆی(چاو دەنووقێنێ). بۆ ماڵی دنیا (چاوچنۆکە). کەچی لەئاستی هەڵنووتانێکی گچکەی مرۆڤێکی داهێنەردا (چاوی تەلسکۆپییە).

نامەیەکی چوکلێتی:

ساڵی بەو عەیام لەهەڵمەتێکی پشکنیندا. ناچاربوو نامەیەکی چوکلێتی قووتبدا. لەوساوە، لە ڕووتانا بەگولاو بێ، ئەو سیاسەتمەدارە داماوە، کتێب دادەنێشێ.

دەوام:

بەڕێوەبەرەکەی ڕۆژانە تەنیا سەعاتێک دەوامی دائیرە دەکا. کەچی فەرمانبەرە چکۆلەکەی ژێردەستی، بۆئەوەی لەوەدنیا بە بەهەشتی بەرین شادبێ، لەبەیانییەوە تاکو ئێوارە لە دائیرە دەمینێتەوە. ئاخر مودیرەکەی بە خەتی (سولس) لەسەر دیواری هەموو ژوورەکانی نووسیوە" أطیعوا ألله وأطیعوا ألرسول و أولي الأمر منكم"

کوردایەتی:

مەسوولێ دەناسم، پەنا بەخوا. ئەوەندەی کورد خۆشدەوێ، قەستێتی ببێتە زاوای هەر چل ملیۆنەکەی!

هەق:

سەرکردە هەمیشە لەسەر هەقە، مادام ئەندام و دۆست و لایەنگرانی حیزب هەمیشە لەسەر هەڵەبن.

یەکسانی:

کێ دەڵی یەکسانیی نییە؟.. هەیەو ئەولاتریش. هەموومان بۆمان هەیە چونیەک لەکۆشکدا بژین و بەمۆنیکا هامشۆ بکەین و چ نیعمەتێک خۆش و بەتامە ئەوە بخۆین و تەنانەت هەر کوردێکی بەشەرەف بگری بۆی هەیە بەنزینخانەی خۆی هەبێ و ملیۆنەها دۆلار و یورۆ لەبانکەکانی ئەورووپادا پاشەکەوت بکات. بەلام تۆ چی لەگەڵ ئەو دەرۆزەکەرانەدا دەڵێی، کە خۆیان هەمیشە مەیلیان لیيە سێ ژەمە شلەساوەر بخۆن و لەپەنا و پاسار و ژێر پردەکاندا بخەون و سەربنێنەوە؟ یان چی لەگەل ئەو لادێیانەدا دەڵێی، کە لەبەلاش و حەلاش ئیدمانیان (موعتادبوون) لەسەر سواری کەر کردووە، نەک سواری جاش؟!

نەخەڵەتابی(1)

نەخەڵەتابی بڵێی قسەی هەق، لەبەردەم مودیری کەللەڕەق. لەوانەیە بتداتە بەرشەق. بڕۆ بۆ" حەلاوەخان" ی باس بکە لەموبەق!

نەخەڵەتابی(2)

نەخەڵەتابی بۆیاخ بکەیت ئەبرۆ و سمبێڵ و قژی سەر، لەسەر شێوەی مەسوولی سەروەر. دڵنیابە پێیدەزانن، پیر و لاو، جا کەم بەهرە بن یاخود بەهرەوەر.. لەتەلەڤزیۆن دەرکەوی یان لەدەشت و دەر.

با و نا:

دەبا، نووسەری کوردی ڕەنج بەبا، لە ئەورووپا، ئەوەندە بقیرێنێ تا زگی دەکا(با). ئێمە ئەو گەلەمان خەفاندووە وەها، نە بە دەهۆڵ و نە بە زوڕنا، نەیەتەوە بەئاگا. لە فەرهەنگیا سڕیومانە، وشەی (نا).

نیوەی کۆمەڵ:

شەکریان شکاند، دەسا پیاو نیوەی کۆمەڵە، مێردی نیوەکەی تریێتی، کە پیر بوو، دەبێتە خەزووریشیان. کێش پیاوە قسەبکا.. وەیی!

چاپکراوی نوێ:

ـ چۆن بە(50) ڕۆژی تەواو، ڕێیەکی (50)کیلۆمەتری دەکەی قیرتاو، بەمەرجێ دوای(50) سەعات لە بەکارهێنانی، (50) قولانجی بەساغی نەمێنێ؟

ـ ئەمریکا باوکمانە، ئەمریکا داڵکمانە، ئەمریکا مەتیمانە، ئەمریکا لالۆمانە، ئەمریکا کزەی جەرگمانە ، ئۆف ئۆف بۆت مردم ئەمریکا!

-چۆن دەبیتە دۆستی سوڵتان، بەهۆی کناچڵەیەکی خڕوخەپان؟

ـ کاتێ بە شیعرو بە وتار، تێردەکەین گەلێکی هەژار.

ـ ئینتیهازی، نووسینی: بەدفەڕی کوڕی نۆکەری خودالێڕازی.

ـ زەمانێکە، بەبێ زانست و ئایە و مایە، دەکرێ ببیتە خاوەنی پلەو پایە.

پەندی کوردی:

ـ زۆروتن، مەدحی مەسوول خۆشە.

ـ قەل بەقەلی وت: فایلڕەش.

ـ پێم بڵێ، کێیان کردە تەنانەت یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتاییش ،تا پێتبڵێم خزمی کام ئەندامی سەرکردایەتییە؟

ئەوساوئێستا:

ـ (ئەوسا) دەبوو تەنانەت ئەندامێکی حیزب،چ جای سەرکردە، خاوەنی سومعەی جەماوەریی باش بوایە. ئەمە (ئەوسا) بڕوا و نەگەڕێتەوە. ئاوی ئاموون و توونی بابا چێ، پێشی کەندەڵان پشتی ڕەشەبا، چوونی هەبێ، هاتنەوەی نەبێ. بڵێن ئامین!

ـ (ئەوسا) سەرچاوەی دەرامەتی حیزب، ئابوونەی ئەندام و لایەنگرانی بوو. (ئێستا) دەرامەتی ئەندام و دۆستانی حیزب، لەسەر خەزێنەی حیزبە!

ـ (ئەوسا) لەئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا، دەبووایە بەنۆرە، هەر ئەندامێک لەماوەی هەفتەیەکدا کتێبێکی بخوێندایەتەوە و لەکۆبوونەوەی ئەڵقەکەیدا پوختەیەکی بۆ هاوڕێیانی باس بکردایە و وەڵامی پرسیارەکانی بدایەتەوە و گفت و گۆی لەسەر بکرایە. ئەمە ئەوسا سەربەدواوە نەهێنێ.! ئێستاش بە(هەزار) ئەندامی حیزب پێکەوە لەهەفتەیەکدا (یەک) دانە ڕۆژنامەی حیزبەکەی خۆشیان ناخوێننەوە چجای کتێب.. پێدەچێ لەئێستادا، (حیزبی کوردی) لەسەر کێشی (بنێشتی کوردی) ڕای وابێ: خوێندن و خوێندنەوە کات بەفیرۆدانە!. جگەلەوەیش لەکن وان، دابەشکردنی پلەو پایە هیچ پێوەندییەکی بەئاستی ڕووناکبیرییەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەئاستی خزمایەتییەوە هەیە!

ـ خەلیفە بە والیی وت:( عەلی قوت، لەئێستاوە تۆ فت، هاووڵاتییەکی کوتومت.)کەچی خەلیفەی ئێستا، بۆ ئەوەی بەهاووڵاتی بڵێ: (زستان ساردە.) دەبێ کاغەز ڕەشبکاتەوە ، یەک فەردە!

ـ دزی ئێستا، نە دەمامک دەکا، نە شەش ئاگرەی (دەمانچە) لەبەر پشتوێنە، نە ڕستە کلیلی لەباخەڵە و نەبەشەویش دەخوشێ. دزی ئێستا چێشتەنگاوان بەسواری مۆنیکا، ملبەندی (کەرەوێتە) بەستووە و عەتری لەخۆی داوە و لە دەرگا دەدا، کاتێ دزی دەکا.

وردەگلەیی:

ـ ئەو ساڵە، تیپێکی تۆپی پێ لەیارییەکدا، تەنیا سێ گۆڵی لێکرا، کەچی گۆڵچییەکەیان گۆڕی ویەکێکی دیکەیان لەبری دانا. لای خۆمان وانێکی(هەرامە، یارۆ، هین) وادەناسم، هەموو یارییەک سێ گۆڵانی لێدەکرێ و هەر سەرکردەیشە.

ـ جا کێ دەڵێ لەکوردستاندا (قرش) ناژی؟! دەژی چاوەکەم، دەژی.. وەرە با دەیانت پێنیشاندەم، بەڵام لەنێو ئاودا نا، بەڵکو لە سەر زەوی!

ـ راستە لێدانی(قوتابی) لەلایەن مامۆستاوە، بەبڕیار قەدەغە کراوە، وەلێ لێدانی (مامۆستا) لەلایەن قوتابییانەوە هێشتا درێژەی هەیە!

ـ هەر جارێ، سەبارەت فەلسەفەی کوردایەتی، گوێم لە کۆمێنتارو ڕاکانی (یارۆ) دەبێ، ئەم هەزار ساڵ عەمری بێ. بیر و بۆچوونی ئاشەوانە گێلەکەی ساڵێ بەوعەیامی گەڕەکی خۆمانم دێتەوەیاد.

ـ جیاوازیی نێوان خوالێخۆشبوو (زاید بن سوڵتان ئال نهەیان )و تەمەن درێژەکانی لای خۆمان لەوەدایە، ئەو حەوت میرنشینی ڕاستەقینەی سەد دەر سەد خێڵەکیی کرد بەیەک، لەکاتێکدا تەمەن درێژەکانی لەمەڕ خۆمان، یەک میرنشینی نیمچە خێڵەکییان کرد بەدووان.

ـ ئەووەڵ مەزات: بڕوانامەی سەرەتایی، بەپوولێک. بڕوانامەی ناوەندی بەقڕانێک. هی دواناوەندی، بەمیقرێک. هی پەیمانگە، بەسەلکێ تووری قوڕاویی مەولانا. بەکالۆریۆس، بەمایەکەی خۆی. ماجستێر، بەدەسکێ سڵقی مێشاویی کەرکووک. دوکتۆرای زانکۆکانی ئەوروپا، بەکیلۆیەک تەماتەی فلیقاوەی قەرەداخ. بەقسەم بکە، ئەی لاوی کورد، مەخوێنە و مەخوێنەرەوە، چونکە خوێندنەوە بۆ چاوت خراپە!! بۆچی ئەو تەمەنە جوانەی خۆت بەفیڕۆ دەدەی؟ وەرە وەعد بێ وەعدی پیاو، تا مریشکەڕەشەت لەحوجرەی مەلاشەلە خوێندبێ و بزانی ئیمزا لەسەر لیستی مووچە بکەیت، بەڕۆژ بە بەڕێوەبەی گشتی لەدیوانی وەزارەت و ناوە ناوەش بە جێگری وەزیر تەعینت بکەم. هەمان کات بەشەو بەئەندام مەڵبەندو چێشتەنگاوان بە پسپۆڕی کۆمپیوتەر لە زانکۆکانی ژێر دەسەڵاتی لای خۆمان. بەدزیشەوە دەتکەمە پسپۆڕی هەڵسەنگاندنی کتێب و بەرهەمە هونەرییەکان. هەموو ساڵێکیش پارچەیەک زەویت لە شوێنێکی ستراتیژیی شاردا پێشکەش بێ.. هەموو ئەمانە، وێرای ناردنت بۆ ئەوروپا وەک شاندی هەرێم و خەڵاتی ساڵانە لەبوارە جیاجیاکانی داهێناندا، هەر بەمەرجێک خزمی ئەندامێکی سەرکردایەتی بێت. بەقسەی مامی خۆت بکە ئەم دەرفەتە زێڕینە لەدەست خۆت مەدە و لەپڕێ ببە بەکوڕێ.. گفتێکە داومەو. بەختی خۆت تاقیبکەرەوە! چیت لەکیس دەچێ؟